# ( تەوسە ئاوسەكان)

# بژی شەڕی براكوژی

# بەرەو خۆئامادەكردن بۆ شەڕێكی تری براكوژی

**نووسینی: ك. هەیەر**

**لەم ڕۆژانەدا هەندێك لە پێنووسبەدەستانی كوردی كەوتنە پەلەقاژێی نووسین. هێندەی نەمابوو بۆكوڕووزی پاكانەكانیان بگاتە كەشكەلانەكان. ئەوەش هەمووی لەبەر ئەوەی كەسێك گوایە خۆشكردنی شەڕیبراكوژیی داونەتەپاڵ و بە قەڵەمبەدەستانی شەڕیبراكوژیی ناوبردوون.**

**ئەرێ خەڵكینە! بۆچی دەبێت شەڕیبراكوژی شەرم و شوورەیی بێت؟ ئایا ئێوە لەم دادوفیغانەی پێنووسبەدەستانە تێدەگەن؟**

**تفەنگبەدەستەكانی شەڕیبراكوژی بزەی سمێڵیان دێت. ئیتر ئەمانە بۆچی قەڵسن؟ ئایا نابێت ئەمانە واز لەم جۆرە بێبەرینامانە بهێنن و لە بری ئەوە دەستبكەن بە ستایش و پیاهەڵدانی ئەو چالاكی و شێوەی خەباتەی باووباپیرانمان هەر لە كۆنەوە پیشەیان بووە؟ ئەی هەر ئەوە نەبووە بەرگەی مانەوەی پێگرتووین؟ پیاو چۆن دەبێت دەست لە كەلەپوور و نەریتی خۆی هەڵبگرێت!**

**یەكێك لە هەوادارانی ئەو شەڕیبراكوژییە هاوینی پار لە سلەیمانی پاش ئەوەی قێزهاتنەوەم لەو دیاردەیە پیشاندا بە فیزەوە فێری ئەوەی دەكردم كەوا مێژووی میللەتەكەمان تەنیا مێژووی میرنشینەكانمانە و ئەوانیش لەوە بەولاوە شتێكی تریان بۆ بەجێنەهێشتووین و تاقیكردنەوەیەكی ترمان نییە.**

**ئەوەی زۆر سەیریشە- بابێینەوە سەر لێدوانی قەڵەمبەدەستەكان- زوربەی ئەو پاكانەچییانە لاف ئەوە لێدەدەن كە ئەوەی بە چاو نەیبینن یان بە دەست هەستی پێنەكەن باوەڕیان پێی نییە. ئەی باشە ئەمانەی دەیبینن چین؟ ئایا ئەمانە *ئازادی* و *حوكمەتی كوردستان* و *پەرلەمانی كوردستان* و *ئاڵای كوردستان* و . . . ئەو هەموو شتمەكە خۆشانە نین كە هەموومان بە ئاواتیانەوەبووین؟ خوٚهێشتا شەڕە . . . كە تەواونەبووبوو پاڵەوانەكانی دەستلەملان بە هیممەت و بەرەكەتی مووفەڕكەماچەكانی *سەددامی دادوەر* كەوتنە دیزەبەدەرخۆنەكردنی پاشەڵپیسییەكەیان و تەپڵی ئازادی و دێموكراتی لێدان. ڕاستە دێموكراتییەكە هێشتا شەلە و پەرلەمانەكانی تاریك و بەبێ ڕۆشنایی و چرای موعارەزە پاوانكراوە، بەڵام بێگومان لە شەڕیبراكوژییەكەی تردا لەدایكدەبێت و ئاوسبوونەكەشی دەدەینە دەست باباگوڕگوڕ.**

ئەی قەڵەمبەدەستانی شەڕیبراکوژییەکە! هەندێکتان قەڵەمەکانتان بە دەستێکتان و بەوەکەی ترتان تفەنگە جگەرگۆشەکوژەکانی دایکانی داماوی فرزەند بێسەروشوێنکراوەکانتان هەڵگرتبوو. شەرم و شوورەیی پێناوێت، ئەی ئەوە نییە لەژێر سایە و سێبەری جرتوفرتی فڕوفێڵی پاڵەوانەکانیاندا حەواونەتەوە، بە پشتگیریکردنیانتان زەردەخەنەی وێنە هەڵواسراوەکانی شەقام و بەڕێوەبەرایەتی و چاپخانەکان بەرینتر و بەرینتردەکەن.

لە ڕاستیدا دەبوایە ئەو قەڵەمبەدەستانە سەرەڕای ئەو پارچە زەوی و *پارچە* و پارچانەی تر و دەستکەوتە هەمە جۆرانەی لە پاڵەوانەکانی شەڕیبراکوژییەکەوە پێیان بەخشراوە داوای مەدالیای ئابڕوومەندانەشیان بکردایە لە بری ئەو پاکانە زۆڵ=بە مێژووەی دەیکەن. نووسینەکانیشیان، لەبری ئەوەی بێبەرایەتییان لێبکەن بییانکەنە بەڵگەی لێهاتوویيان وپیتۆڵییان وە بییانخەنە چوارچێوەی زێڕینی گەنگەڵییە کۆنەمت و تازەباوەکەوە.

ئێستاش وای بەچاکدەزانم کە ئەو وێنە لەزێڕگیراوانەی ئەو نووسینانەتان بخرێنە پێشبڕکێیەکی مێژووییەوە و ببێتە چەپکەگوڵی بۆنەی کرانەوەی یەکەمی ئەو هۆڵی شاعیرانەی گوایە یەکێك لە سامانخۆرانی شەڕیبراکوژییەکە لە شاری سلەیمانی دروستیدەکات. منیش بەم نووسوارەم هاوبەشی تیادابکەم بەڵکو ئەمە خوایە منیش . . . خۆ هێشتا نەچووە بچێت.